# بۆ یەکەمجار تیپێکی کچان بۆ تۆپی دەست لەقەڵادزێ دامەزرا

**ئا/ لاپەڕەی وەرزش**

وەرزشی کچان لەگەڵ ئەوەی کە زۆر کەموکوڕی و کاڵ و کرچی پێوەدیارە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەرەوپێشچوونێکی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە بەتایبەتی لەڕووی چەندایەتییەوە چونکە تەنها لەقۆناغی یەکەمدا چەندایەتی گرنگە و هەرئەوەشە دواتر پەرەدەسەنێت و چۆنایەتی باشی لێ دروستدەبێت، لەم ڕوانگەیەوە شاری قەڵادزێی خۆشەویست توانی بۆ یەکەمجار لەمێژووی خۆیدا تیپێکی تۆپی دەستی کچان بۆ پەروەردەی ڕانیە دروستبکات و بەشداریی خولی پەروەردەیی پارێزگاکانی کوردستانی پێبکات بەبێ گوێدانە ئەنجامەکانی، ئەو تیپە هەنگاوێکی پیرۆزە و جێی دەستخۆشی لێکردنە بۆیە بەپێویستمان زانی لەنزیکەوە لەگەڵ ئەندامانی ئەم تیپەدا بدوێین، سەرەتای پرسیارەکانمان ئاراستەی (مامۆستا مەهدی) فێرکەری تیپەکە کرد ئەویش بەخۆشحاڵییەوە وەڵامی داینەوە.

*تیپەکەتان چۆن دروستکرد؟

–تیپی تۆپی دەست سەرەتا بەپاڵپشتی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی ڕانیە توانیمان وەك سەرەتایەك دروستیبکەین و بۆ یەکەمین جارە ئەو جۆرە یاریە لەوسنورە دروستدەبێت ومنیش وەکو ڕاهێنەر توانیومە ئەو یاریە بۆ کوڕان و کچان زیندوو بکەمەوەو بەخەڵکی ئەوسنورەی ئاشنابکەم ئەویش بەپاڵپشتی و هاوکاریی ماددی و مەعنەوی هەردوو بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی ڕانیەو بەڕێوەبەرێتی چالاکیی وەرزشی ڕانیە.

*ئەندامانی تیپەکەتان چۆن بەخوێنەران دەناسێنن؟

–یاریزانەکانمان بریتین لە:–

1–کوێستان ئیسماعیل
2–بەهرە ڕەسوڵ
3–پەری عەلی
4–ئارەزوو عەلی
5–سروە خدر
6–ژیان محەمەد
7–ڕوخسار قادر
8–ڕۆژگار ئیبراهیم
9–دابان عومەر
10–گوڵان عەبدوڵڵا
11–ڕێژنە محەمەد

*بەگشتی کێشەکانتان چییەو چۆن دەتوانن چارەسەری بکەن؟

–کێشەکانمان زۆرن لەبەرئەوەی خولەکان لەسنورەکەماندا کەمن بۆ کچان کەمە یان هەرنییەو کەمی دەرفەتی هاتنەدەرەوەو نەهێشتنی وەرزشیی کردن لەلایەن کەسوکاری کچان کێشەی زۆر دروستکردوە کە لەم بوارەدا هەندێك لەکچانی سنورەکەمان خولیای وەرزشیان هەیە بەڵام کەمیان ڕێگەیان پێدەدرێت، چارەسەرکردنی کێشەکانیش بەکردنەوەی خولی وەرزشی بەردەوام دەکرێت لەسنورەکەدا ئەویش وادەکات زیاتر خەڵکیی ئاشنا بکات بەم بوارە.

*ئەو ڕێگایانە کامانەن بۆ بەرەوپێشبردنی ئاستی وەرزشی کچان لەناوچەکە؟

–ڕێگاکان زۆرن ئەویش بەهاندانی خەڵکەکە بۆ وەرزشکردن و یارمەتیدانیان بەشێوەیەکی بەردەوام لەڕووی ماددی و مەعنەوی و دابینکردنی یاریگەی پێویست و کەلوپەلی وەرزشی ئەوانەش وادەکات کەکچان بەرەو ڕووی وەرزشکردن هەنگاوبنێن.

*کەسوکاری یاریزانەکان تاچەند هاندەرتانن بۆ بەردەوامبوون؟

–لەڕاستیدا دەمەوێ زۆر سوپاسی کەسوکاری ئەوکچە یاریزانانە بکەم کە دەرفەتیان داوە بەوەی کچان بێنەدەرەوەی شار بۆ ئەنجامدانی یاری ، ئەمە وەکو سەرەتایەك کە تائێستا یەکەمین جارە شتی وادروستبێت لەناوچەکەماندا و کەسوکاریان هاندەرمانن بەڵام کەمتر لەدەرەوە، وەزۆرتریان دەیانەوێت لەناوەوەی شار یاریەکان ئەنجامبدەن.

دواتر یاریزانەکان هەریەکەو بەجیا قسەی خۆیان هەبوو بەم شێوەیە بۆمان دوان:–

1–سروە خدر: یەکەمین جارە کچانی سنورەکەمان بەوشێوەیە بچینە دەرەوەی شار بەڵام بەداخەوە کە شوێنی حەوانەوەمان نەبوو.

2–بەهرە ڕەسوڵ: هیوادارم خولی ئاوا هەبێت بۆ ئەوەی ئێمەش زیاتر پەرە بەتواناى خۆمان بدەین و حەزدەکەم خولی (تۆپی پێ)ش هەبێت.

3–ئارەزوو عەلی: خولێکی باش بوو بۆ زیاتر ئاشنابونی ئێمە بەم یاریە چونکە ئەمە یەکەمین جارمانە ئەو یاریە ئەنجامبدەین.

4–کوێستان ئیسماعیل: یەکەمین جارە یاری بکەین لەدەرەوەی شارەکەمان بۆیە داواکارم بەردەوام خولی وەرزشی هەبێت بەڵام هەموو ساڵێ لەیەك جێگە ئەنجامبدرێت لەبەرئەوەی شارەکانی تریش بێبەش نەبن لەمجۆرە خولانە.

6–ژیان محەمەد: دیارە هەموو ئامانجێك پێویستی بە هەنگاونانی زۆرە ئێمەش هەنگاو دەنێین بۆ گەیشتن بەئامانجی ئەوەی تیپی کچان لەسنورەکەماندا دروستبکەین.

7–دابان عەزیز: دەستخۆشی لەپەروەردەی ڕانیەو بەڕێوەبەرێتی چالاکیی وەرزشی ڕانیە دەکەم و دەستخۆشی لەڕاهێنەرەکەمان دەکەم کەئەمجۆرە یارییەی پێ ئاشناکردین، دووبارە سوپاس.

8–گوڵان عەبدوڵڵا: یەکەمین جارە یاری دەست ئەنجامبدەم بەڵام بەو هیوایەم ئێمە ببین بەئەستێرەیەکی ئەمجۆرە یاریە لەسنوری پەروەردەی ڕانیە.



## شووکردنی کچی وەرزشکار

یەکێك لەکێشە هەرە گەورەکان کەڕووبەڕووی وەرزشی کچان و ژنان دەبێتەوە شووکردنی کچانی وەرزشکارە کە جەزرەبەی ڕاستەوخۆ کاریگەری هەیە بۆ سەر وەرزشکارانی کچان و ئاستی وەرزشەکەیان، چونکە زۆربەی ئەوکچانەی کە شوودەکەن یەکسەر دوای ئەوە دەبێت لەوەرزش دووربکەونەوە بەهۆی ئەوەی: (مێردەکانیان ڕێگەیان پێنادەن، یان ئەرکی خێزان و ماڵ و منداڵیان دەکەوێ بەسەردا، یاخود هیچ هاندەرو پشتگیرییەکی ماددیی باش ناکرێن))... هتد.

پێگەیاندنی وەرزشکاری کچیش بەتایبەتی لای ئێمە هەروا ئاسان نییە لەوانەیە بەلایەنی کەمەوە (5–6) ساڵێکی بوێت تاتۆزێ ئەوکچە وەرزشکارە دەکەوێتەسەر پێ و گەڵاڵە دەبێ بەکەڵکی خول و پێشبڕکێکان دێت، بەڵام کاتێك کە شوودەکات ڕەنجی چەندساڵەی ڕاهێنەرەکەی و یانەکەی بەفیڕۆدەڕوات و جێگەی ئەوکچە وەرزشکارەیان بۆ پڕناکرێتەوە، ئەمەش دەبێتەهۆی دواکەوتنی وەرزشی کچان و ژنان، بەدەیان وەرزشکاری کچی زۆر بەهرەمەندمان لەکوردستاندا هەبووە کە دوای شووکردنیان یەکسەر لەوەرزش دوورکەوتوونەتەوەو کەلێنێکی گەورەیان لەوەرزشی ژنان و کچاندا بەگشتی و لەیانەکەیاندا بەتایبەتی بەجێهێشتووە، تائێستا شوێنی (ڕازاو عەبدولرەحمان و دیمەن حەمەفەرەج و نەجوا ئەحمەد) کە وەرزشکاری شاری سلێمانی بوون و بۆ هەڵبژاردەی عیراق یارییان دەکرد پڕ نەبۆتەوە، هەرچەندە ئەمانە چەند ساڵێکیش دوای شووکردنیان هەر لەوەرزشدا بەردەوامبوون، ئەمەجگەلە چەندان کچی وەرزشکاری هەڵکەوتووی تری کوردستان کە هەر لەگەڵ شووکردنیاندا مێژووی وەرزشی خۆیان لوولکردو ئیتر کەس لەیاریگەدا نەیبینینەوە، بەڕای من باشترین چارەسەر بۆ بەردەوامی کچانی وەرزشکار لەوەرزشدا دوای شووکردنیان دووشتە:–

یەکەم وشیارکردنەوەی کۆمەڵی کوردەوارییە لەڕێگەی کەناڵە جیاجیاکانی ڕاگەیاندنەوە بۆ گرنگی وەرزش بەگشتی و وەرزشی کچان بەتایبەتی، دووەمیش پشتگیریکردنی ماددیی و مەعنەویی وەرزشکارە ژن و کچەکانە زۆر بەتێروتەسەلی هەرلە دابینکردنی:–

–هۆڵی تایبەتی وەرزش.
–کەرەسەو پێداویستی وەرزشکردن.
–ئاسانکردنی هێنان و بردنیان لەماڵەوە بۆ یاریگەو بەپێچەوانەشەوە.
–تیشك خستنەسەریان لەلایەن کەناڵە جیاجیاکانی ڕاگەیاندنەوە بەتێروتەسەلی.
–دابینکردنی موچەیەکی زۆرباش کەئەم خاڵەیان لەهەموو خاڵەکان گرنگترەو دەمکوتکەری هەموو کۆسپ و تەگەرەو ڕێگرێیەکانە.

**حەمە بچکۆڵ**

## چەند تێبینیەك لەسەر خولی هەڵبژاردەی پەروەردەکان

**ئالان عەلی**

لەگەڵ کۆتایی هاتنی سێیەمین ساڵی خولەکانی پەروەردەی پارێزگاکانی کوردستان بۆ تیپەکانی کچان کە بەڕێوەبەرێتی چالاکی وەرزشی لەوەزارەتی پەروەردە کە لەمانگی ڕابردوودا ڕێکی خستبوو جێگەی دەستخۆشی و هەنگاوێکی پیرۆزە بۆ بەرەوپێشبردنی وەرزش لەکوردستانداو وەرزشی کچان بەتایبەتی، چونکە ئاشکرایە کە یاریزانی خوێندنگەکان هەوێنی دروستبوونی تیپەکانی یانە وەرزشییەکان دەبن لەدوارۆژدا کە ئەویش وەرزش بەرەوپێش دەبات و ئاستێکی هونەری بەرزتر دەخوڵقێنێت لەوئاستەی ئێستاکە هەیە بۆیە جێی خۆیەتی ئەوخاڵە لاوازانەی کە لەم خولەدا بەدیکرا بخرێتەڕوو بۆ ئەوەی دەرگا لەسەر گفتوگۆیەکی جددی بکرێتەوە لەپێناوی ئەوەی کەساڵانی داهاتوو خولەکان باشتر بەڕێوە بچن ئەویش خۆی لەم چەند خاڵەدا دەبینێتەوە:–

1–نەبوونی ئاستی هونەریی تەواو پێویست لەلایەن تیپەکانی تۆپی دەستی پەروەردەکانی (ڕانیە، هەولێر، کەرکوك) کە ئەویش بووەهۆی ئەوەی خولەکە لەململانێ بێبەش بێت و پەروەردەی سلێمانی بەتەنها بمێنێتەوە.

2–خۆئامادەکردنێکی بەرچاو بۆ خولەکان لەلایەن زۆربەی پەروەردەکانەوە بەکەمی بەدیدەکرا جگەلە پەروەردەی (ڕانیە) چونکە یەکەم ساڵە بەشدارییبکەن تەنها ئامادەبوونیان جێگەی دستخۆشی لێکردنە بەڵام پەروەردەکانی کە دەبوایە لەئاستێکی باشتردا ببینرانایە بەتایبەتی لەیارییەکانی (تۆپی دەست، باسکە، تۆپی سەرمێز).

3–هاتوچۆکردنی تیپەکانی (ڕانیە، کەرکوك) ڕۆژانە کە دوای یاری دەڕۆیشتنەوەو بۆ ڕۆژی دوایی دەهاتنەوە بۆ یاریکردن کارێکی خراپی کردبووە سەر یاریزانەکانیان کە ماندوبوونیان پێوەدیاربوو هۆکەشی دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە کەسوکاری یاریزانەکانیان ڕێگەی مانەوەیان پێنەداون.

4–هەڵبژاردنی یاریزانەکانی تیپەکان بەتایبەتی پەروەردەکان (کەرکوك، ڕانیە) بۆ نموونە تیپی تۆپی دەستی پەروەردەی ڕانیە لەقەڵادزێ و لەتەنهایەك خوێندنگەدا دەستنیشان کرابوو، وتیپی تۆپی دەستی کەرکوك لەچەمچەماڵ هەڵبژێردرابوو کە ئەگەر بەپێی ئاستی هونەریی خودی یاریزان هەڵبژێرایە لەوانەبوو تیپەکان بەهێزتربوونایە.

5–دیاریکردنی یاریزانێك بۆ ئەوەی چەند یارییەك لەخولەکەدا بکات لەلایەن زۆربەی تیپەکانەوە کارێکی خراپی هەبوو بۆ هەمووان چونکە خولەکان بەشێوەیەکی چڕوپڕ ئەنجامدران و یاریزانەکەش زۆر هیلاك دەبوو ئەوەش هۆکارێکی تربوو بۆ نەبوونی ئاستی هونەریی خولەکان.

6–دەستنیشانکردنی فێرکەرەکانی یارییەکان لەلایەن پەروەردەکانەوە وا باشتر بوو لەسەرەتای ساڵدا بێت بۆئەوەی ماوەیەکی باش هەبێت بۆ مەشقکردن و خۆئامادەکرن و هەڵبژاردنی یاریزان و ئەنجامدانی یاری دۆستانە کە لەکۆتاییدا ئەویش ململانێی تەواو دروستدەکات لەزۆربەی یارییەکاندا.

## ڕەبۆ لەوەرزشەوانە نەوجەوانەکاندا پەیوەندیی هەیە بە پیسبوونی هەواوە

**وەرگێڕانی: عەتای مەلا کەریم**



ئەو منداڵانەی لەو شوێنانەدا یاری ئەکەن کە هەواکەی زۆر پیسە سێ تا چوارجار ئەگەری توشبوونیان زیاترە بە ڕەبۆ لە منداڵانی تر. توێژەرەوان ئەوەیان دەرخستووە کە گازی ئۆزۆن ڕۆڵی هەیە لە ڕەبۆدا؛ ئەو نەخۆشییەی کە لە هەموو نەخۆشیەکانی تر زیاتر درێژخایەنە لە نێو منداڵاندا.

ئەم توێژینەوەیە دەڵێت بەپێچەوانەی زانینی باوەوە،گازی ئۆزۆن ئەبێتە هۆی تووشبوون بە نەخۆشی ڕەبۆ. کەمکردنەوەی ڕادەی گازی ئۆزۆن چارەسەرێکی بێهاوتایە، بەڵام میك کۆنێڵ دەڵێت کەمکردنەوەی چالاکییە دوورودرێژەکانی منداڵانیش لە دەرەوەی ماڵ، لەو کاتانەدا کە ڕادەی پیسبوونی هەوا زۆر بەرزە ئەتوانێت لە مەترسییەکان کەمبکاتەوە.

توێژەرەوەکان لە نەوجەوانەکانیان پرسی چ جۆرە یارییەك ئەنجامئەدەن و چاودێریی ڕادەی پیسبوونی هەوایان کرد لە کۆمەڵگەکانیاندا، دوای ئەوە کۆمەڵگەکان دابەشکران بۆ ناوچە ڕادەی پیسبوونی هەوای بەرز و ڕادەی پیسبوونی هەوای نزم.

لەدوای پێنج ساڵ، لە 265 منداڵدا ڕەبۆ دەسنیشانکرا. بەشێوەیەکی گشتی منداڵە یاریزانەکان لە هەموان زیاتر ئەگەری تووشبوونیان هەیە بەو نەخۆشییە.

لەو کۆمەڵگایانەدا کە ڕادەی پیسبوونی هەوا بەرزە، بە زیادبوونی ژمارەی ئەو یارییانەی کە منداڵەکان ئەنجامی ئەدەن، مەترسی تووشبوونیش بە نەخۆشییەکە زیادی ئەکرد.

ئەوەی بووە هۆی سەرسوڕمانمان ئەوەبوو کە لەو گۆڕەپانەدا کە ڕادەی گازی ئۆزۆن نزمە، مەترسی تووشبوون بە نەخۆشی ڕەبۆ بەرزنەبوو لەو منداڵانەدا کە یارییە بەکۆمەڵەکان ئەکەن.

توێژەرەوەکان گەیشتنە ئەو باوەڕەی کە نەوجەوانە چالاکەکانی ئەو کۆمەڵگایانەی کە هەواکەیان زۆر پیسبووە، بڕێکی زۆر لە گازی ئۆزۆن ئەچێتە سییەکانیانەوە، چونکە بەخێرایی و بە قووڵی هەناسەئەدەن. ئەوانە بڕێکی زیاتر گازی ئۆزۆن هەڵئەمژن لەو منداڵانەی کە لەبەر تەلەفیزیۆن دانیشتون لە ماڵەوە.

**سەرچاوە:**

Panorama *No.56vol.2*